دەق لەنێوان (وەرگێڕان) و (شێوواندن) دا

یاسین بانی خێلانی

بەشی دووەم و کۆتایی

لێرەوە نیتسشە گومان لە بالایی *٣خۆی دەکات ،کە خەباتی بۆ دەکات ، لە ڕێگەی ئەم گومانانەوە دەپرسێ ئاخۆ من گەشتومەتە ئەو بالاییە ، یان هەر من مرۆڤەکەی جارانم ؟ ئەو لە ڕێگەی هزرە قوڵەکانییەوە دەزانێت گۆڕانێکی بەسەردا هاتووەو ئێستا کەسێکی تر بەڵام هێشتا نەگەشتۆتە ئەو بڕوایەی ، کە ئەو لەو خەباتە فکرییەدا سەرکەوتووە یاشکستی هێناوە ؟. دوای ئەم چەند دێرە بەردەوام دەبێت و دەڵێ : (کە ئاشنا ئاوای وەرگێڕاوە...) .

زۆرانبازێک کە بە زۆر پشتی خۆی لە زەوی داوە ؟

زۆر لەگەڵ خۆ ئاڵۆز

بریندارە بە هۆی سەرکەوتنی خۆی وڕێی لە خۆ گرتووە ؟

مەگەر خوازیاری جێگەیەک نەبووم کە با لە هەموو شوێنێک تیژتر بە وێدا تێپەڕێ ؟

مەگەر فێرنە بووم بە سەربردن لە شوێنێکدا

کە هیچ کەس لەوێ بەسەر نابات ،

وەک ئەو بیابانەی کە خانووی ورچی جەمسەرییە،

لەیادی کردووە مرۆڤ وخواو نزاو نەفرەت ؟

وەک خێوی سەرگەردان بەسەر بەفرستانەوە ؟

ئەی هەڤاڵانی دێرین ! چەند ڕەنگ پەڕیو دێنە بەرچاو،

پڕ لە خۆشەویستی وبێزاری !

نا ، بگەڕێنەوە ! بەڵام تۆرە مەبن ! لێرەدا – ئێوە ناتوانن بمێننەوە :

لێرە لە نێوان دوورترین بەفرستان وبەردەڵاندا –

لێرە دەبێ ڕاوکەرو نێرە کێوی بن .

خۆزگە دەمزانی کەسێک لەم چەند دێرە چەند تێدەگات و تێگەیشتنەکەشی چەنێک پەیوەندی بە بیری نیتسشەوە هەیە ؟. بێگومان ئەوانەی کەدەزانن لەم جۆرە دەقانە گەیشتوون ، ئەوە بە دڵنیاییەوە هیچ تێنەگەیشتوون . ئەگەریش نا با بەراوردێک لە نێوان ئەم چەند دێرەی خوارەوە لەگەڵ ئەو دێڕانەی سەرەوەدا بکات .... زۆرا نبازێک ، جار بەجار بەرامبەر هێزی خۆی ئەوەستێت ، بە هۆی سەرکەوتنەکەیەوە بریندار ئەبێت وڕێی لە خۆی گرتووە ؟ من گەڕام ، بۆ جێگەیەک (با) بەتوندی لێیەوە هەڵبکات ؟ من فێری ماڵە نشین بووم ، لەو ماڵەی هیچ کەس تیا ناژی ، لە دەشتایی ورچی *٤ ، لەو جێگایەی فەرامۆشی کردووە مرۆڤ و خوا ، لەعنەت ونوێژ بوو بووە تارماییەک ، بەسەر شەختەکەدا دەڕۆیشت ؟ ئێوە هاوڕێیانی دێرین ! تەماشاکەن ! ئێستا ڕەنگ پەڕیو دێنە بەرچاو ، پڕ لە خۆشەویستی و نەفرەت کردن ! نا ، ئەبێت !تۆرە مەبن لێرەدا – ئێوە ناتوانن نیشتەجێ بن :

لێرە لەنێوان دوورترین بەستەڵەک _ وتەوەندا *٥

لێرە مرۆڤ دەبێت ڕاوکەربێت و وەک بزنە کێوی وابێت

نیتسشە ئەم چەند دێرە وەک گومانێک لە خۆی وپرسیارێک لەو کەسانەی دەیانەوێت بە بالایی بگەن دەخاتە ڕوو ، ئەو خاوەنی ئیرادەی هێزێکە ، کە لە کەسانی تردا شکی نابات ، بۆیە پێیان دەڵێ : تووڕە مەبن ! چونکە ناتوانن لەو جێگەدا ، کە ئەو ژایانی تیا بەسەر دەبات و گۆشەگیر بووە بژین ، ئەمەش بە هۆی وابەستەگی کەسەکان بە مۆرالەوە ، ئەڵبەتە ئەو جێگەش مەملەکەتێکە نیتسشە لە ناخی خۆیدا بینای کردووە ،. ئەو مە ملەکەتەی نیتسشە لە زۆربەی کارەکانیدا بە شێوەی جیا جیا دەردەکەون وبەردەوامیش بانگی خەڵکانی لە خۆبوردوو بۆ ناو ئەو مەملەکەتە دەکات ، تا بە بالایی بگەن . کێشەی تێگەیشتنی نیتسشە ئەوەیە کاتێک باس لە مۆرالێ ، ئیرادە ، چاکەو خراپە دەکات مەبەستی هیچ یەک لەمانە نییە ، وەک خۆی دەڵێت : شتێک نییە ناوی مۆرالێ ، ئیرادە، چاکە و خراپە بێت ، ئەمانە هەموو مرۆڤ خۆیان خوڵقاندوویانە ، هەر بۆیە لای هەریەکێک لە ئێمە ئەوانە واتا / چەمکی جیاوازیان هەیە . بەڵام کاتێک باس لە هەریەکێک لەمانە دەکات ، ئەو دەپەڕێتەوە ئەو دیویان تا لە ئەو دیویانەوە ، کە ئەمانە بونیان نامێنێت ، دێتەوە ناویان ، ئەگەر ئەو دیرە هیواکان هەر بەهێزن ، سەرەڕای ئەوەش دڵ لە خۆی دیارتر باری هەڵگرتووە . ئەمە ناوەڕۆکی فەلسەفەی نیتسشە یە ، کە نابێت مرۆڤ ئەوەندە بێ ئیرادە بێت زوو خۆی بەدەستەوە بدات ، بەڵکو مرۆڤ دەبێت لەبەرامبەر هەموو هێزێکدا بوەستێت و شەڕی بوونی خۆی بکات ، هەربۆیە هەمیشە ڕقی لە مرۆڤی بچوک بووە وە .

لە دێرێکی تردا کە ئاشنا وای وەرگێڕاوە دەڵێ:

سرود کۆتایی هاتووە

هاواری شیرینی حەزێ لەسەر لێوانم خەم دایگرتووە :

لە ڕستیدا ئاوایە :

ئەم گۆرانییە تەواو ، –

ئارەزووی ناڵەیەکی شیرین لەسەر لێوانم مردووە

دوا دێڕی شیعرەکەشی بەم شێوە وەرگێڕاوە :

زەردەشت ، دۆستی من ، ئەو سەری میوانان ، لەڕێگەوە گەیشتووە !

ئێستا جیهان خەندەدارەو پەردەی ترس هەڵدەدڕێت ،

ڕۆژی بووک و زاوایەتی ڕووناکی و تاریکی هاتووە ..

هەرچەند سەیری ئەم چەند دێرە دەکەم ئاشنا وشەی (عروس) ی فارسی ، کە بە ئەڵمانی(Hochzeit)ە بە ڕۆژی بوک و زاوایەتی وەرگێڕاوە ، بەڵام هیوادارم وانەبێت . ئەمەوش دوا دێڕی نیتسشەیە :

زەرتەشتی هاوڕێ ، میوانی میوانەکان هاتوون !

ئێستا جیهان پێدەکەنێ ، پەردەی ترس هەڵدراوەتەوە ،

... حەز دەکەم لە دوا دێڕدا ئەوە بڵێم : کە من هەر هەموو شیعرەکەم لەگەڵ وەرگێڕاتنەکەی ئاشنادا

بەراورد نەکرد ، چونکە وەرگێڕانەکە چ لە ڕووی وەرگێڕانەوە دەتوانم بڵێم : بەئاستەم پستەی ڕاستی تێدایە ، ڕەنگە هۆیەکی تریشی ئەوە بێت پێم خۆشە لە جێگەیەکی کەدا بە تەواوەتی و هەمووی بەسەر یەکەوە بڵاو بکرێتەوە . تاکە مەبەستیش لەم نووسینە تەنها ئەوە بوو ، کە ئێستا پاشا گەردانییەک لە وەرگێڕاندا هەیە بێ ئەوەی هیچ دەزگایەکی ڕۆشنبیری لە کوردستاندا بەرپرسیاری خۆی دەربڕێ لەو بوارەدا ، ئەمەش یەکێکە لەو هۆیانەی ئێستاکێشەیەک / قەیرانێک لە نێوان ڕۆشنبیری کوردا سەری هەڵداوە بۆیە باشتر وایە دەزگایەک بۆ ئەم مەبەستە دابمەزرێت و ئەو کەسانەی لە بواری زماندا پسپۆرن یا زمانزانن بەجیدی کارکەن . ئەمەش یەکێک لەو خزمەتە گەورانەی بە ڕۆشنبیریی کوردیی دەکرێت .

پەراوێزەکان

١- لەڕاستیدا چونکە ئەوانەی لە بواری وەرگێڕاندا کاردەکەن و تەنها پشت بەو سەرچاوە دەبەستن ، کە لەبەردەستیاندایە ، لایەنی زمانەوانی فەرامۆش دەکەن یا بێتوانان لەو بوارەدا . بۆ نمونە : لە زمانی عارەبیدا پیتی(گ.چ) نییە بۆیە ناچارن پیتێکی تر لە بری دابنێن ، وەک (هێگڵHegel) دەکەن بە (هیغل، هیجل) و (گۆیتە Goethe) دەکەن بە (غوتە) . بەمەش توشی هەڵەی گەورە دەبن . هەروەکو ناوی نیتسشە ، کە هەندێ جار بە نیچە و هەندێ جار بە نیتشە و نیتچە ناوی دەبەن .

٢- کتێبی ئەو دیوی چاکەو خراپە نیتسشە کردوویەتی بە نۆ بەشی سەرەکییەوە .

٣- باڵا مەبەست لە مرۆڤی باڵایە ، کە نیتسشە لە زۆربەی نووسینە کانیدا بۆی دەگەڕێ وباسی لێوە دەکات .

٤- مەبەست دەشتایی ورچی سپی ئەو جێگا هەمیشە بەفراوییە ، کو جۆرە ورچێکی شپی لێدەژی بە ئەڵمانی پێیدەڵێن (ئایزبێرEisbar) وبە فارسی (خرس سفید).

سەرچاوە

٥- Friedrich Nietzsche/ Samtliche Werke Krirische studieasgade/ Band

تێبینی

هەردێڕێک خەتی بە ژێردا هاتووە ، ئەوە وەرگێڕانی ئاشنایە شایی هاتووە بۆ ڕوناکی وتاریکی

3-لەکتێبی (ئەودیو چاکەو خراپە)وە

لە کێوە بەرزەکانەوە

■ فریدریش نیچە

● وە: ئاشنا

سەرەتای – سروود*

ئەی نیوەڕۆی ژیان! ئەی کاتی جەژن!

ئەی باغی هاوینە!

لە خۆشحاڵیا لە پێستی خۆمدا جێم نابێتەوە.

وەستاو و ئیشکگرو چاو لە ڕێگەم

شەو و ڕۆژ چاو لە ڕێگەم، چاو لە ڕێگەی دۆستانی خۆم:

لەکوێن، ئەی دۆستان! سەرکەون! کاتیەتی! کات!